پێشمەرگە و سوپای عێراق ئۆپراسیۆنی هاوبەشیان ئەنجامدا

ئەمڕۆ شەممە 16ـی تشرینی دووەمی 2024، وەزارەتی پێشمەرگە لە راگەیەنراوێکدا بڵاویکردەوە تێیدا هاتووە، کاتژمێر 6ـی ئەمڕۆ بەیانی، لیوای 14ـی پیادەی هێزی پێشمەرگە بە هاوبەشی لێگەڵ هێزەکانی فیرقەی 14ـی پیادەی سوپای عێراق، ئۆپراسیۆنێکی کۆماڵ کردنیان ئەنجام دا.

ئاماژەی بۆش کردووە، لە ئۆپراسیۆنەکەدا ناوچەی گوندەکانی کوشافی خواروو، کوشافی سەروو تا دێگاتە قەراغ زێی گەورە، کۆماڵ کران و گەڕان و پشکنینیان بۆ ئەنجام درا، دوای نیوەڕۆ کۆتایی بە ئۆپراسیۆنەکە هات.

ئۆش هاتووە، ئەو ئۆپراسیۆنە هاوبەشانەی هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراقی بۆ کۆماکردنی ناوچەکانی گومانی بوونی حەشارگەی داعشیان لێدەکرێت بەردەوامە، لە هەندێ لەو ناوچانەش هێزەکانی ئاسمانی عێراق بە پشتیوانی فڕۆکەی ئێف 16ـی جەنگی، حەشارگە و مەڵبەندەکانی داعش خاپوور دەکەن.